www.kurdistannet.org
20-5-2003 13:45

# شەو نىیە خوتان پیّوە نەبینم ؟؟

سوپاس بۆ عەبدوللا پەشێوی شاعیر ...

شەماڵ کەریم

ئەزیزانم لە کوردستانی عێراق. .

**شەو نىیە خونتان پیّوە نەبینم و نەتانبینم پاش چاوەروانی یەکی زوری تاقەت پروکیّن، موچەی مانگانەتان وەرگرتووە. . ئە مجارەش سوپاس بوّخوا بوّ موچەوەرگرتنەکەتان .... ئەتانبینم بە ئاە و نزولەیەکی زورەوە لە بازارەکانی دولار گورینەوەدا ئەو موچەیەی کە ۱۰۰$ تان بە ۱۰۰۰ دیناری سویسری عیراقی وەرگرتووە دەگورنەوەبە ٦٢٠ دینار عافیەتیان بیت کورد واتەنی (موویەك لە بەراز بیتەوە هەر باشە) .**

**شەو نىیە خەونتان پیوە نەبینم و نەتانبینم، چەند کزوڵن لە بەرامبەر ئەم ناهەقی یە گەورەیەی پیاوانی حکومەتی هەرێم دا. . بەلام هەر عافیەتیان بیت، ئەوە پیشەیان بووە؟**

**ئەزیزانم لە کوردستانی عیراق**

**ئەزیزانم لە کەرکوکی دڵ و قودسی کوردستان. . ؟!**

**شەو نىیە خەونتان پیوە نەبینم و ئەتانبینم پاش ئاوارە بوونی سالانیکی زور بە زەبری بەعس لە دووری زیدی باب و باپیرتان ژیانتان گوزەراند ئەمان چ ژیانیك ؟**

**ئیستاش پاش نەمانی بەعس. شەونىیە خەونتان پیوە نەبینم و ئەتانبینم لە نیو کوچەو کولانە داگیرکراوەکانی کەرکوك دا لە سەعات (۸) بەیانی یەوە تا (٤) ئیوارە دین ودەچن و بە نیگایەکی عاشقانەوە لەو خانووە دەروانن کە چەندین ساڵ لەمەوبەر (کەرکوك) تان پیّ ئاوەدان کردبویەوە. بەلام عەرەبە هاوردەکانی بەعس وەك سەردەمانی رژیمی سەدام ریتان نادەن لە نیو ژوورە پڕلە یادگاری یەکانتاندا تاسەتان بشکی.**

**شەونىیە خەونتان پیوە نەبینم، ئەتانبینم سەربازانی ئازادی پاریزی ئەمەریکا قەترەیەك لە چەکەکانی ئیوە دەکەن و سلاو لە عەرەبە هاوردە چەکدارەکان دەکەن. بەرپرسانی حزبە کوردستانىیە بەریزەکان شەو نىیە خەونتان پیوە نەبینم، ئەتانبینم چەندە جوانتان لیدیت لە بەغدای پایتەخت دا تا دەتوانن (٠مۆنیکا) کان تەکرید دەکەن و تا نەشتوانن لە کوچەو کولانەکانی بەغداد دا دەبنە هاورێو هاوشەریکی جەردەکان و بەنرخیکی کەم (سەیارەکان) ئەو سەیارانەی کە مولکی گەلن دەماشنەوە و لە چاو تروکانێك دا لە مەعرەزی سەیارەکانی دهوك و هەولیر وسلیمانی دا دەیانفروشنەوە.**

**کورانی روژانی ئەنفال ...**

**پارتیزانە بە شەرەفەکان. .**

**شەو نىیە خەونتان پیوەنەبینم، ئەتانبینم لە بەردەم و ناو بارەگای حزبەکانتان دا ئەو حزبانەی سالانیکی دورو دریژە ئیوە بە بەرگی کوردییەوە سەروەری تان بۆتومارکردوە ئیستا وەك بڵی ی لەبەرکردنی جل و بەرگی کوردی لە بەغدای پایتەختی عیراق دا مایەی شەرمەزارىیە ئەتانبینم، ئەو جلە مودرینەتان لەبەردایە، چەندجوانتان لیدیت پیروزتان بیت، توخوا گوناە نىیە ئیوە بەرگی کوردی بپوشن ؟**

**ئەزیزانم لە کوردستانی عیراق**

**شەو نىیە خەونتان پیوە نەبینم، لەئەمروی عیراقی ئازادیدا لەئەمروی عیراقی دوور لە زەبر وستەمی سەدام حسین دا چەند کزوڵو چەند گوناهن؟؟!!!**

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**